## (11)

# گفتوگۆیەكی ژیرانە

## ئایا كاری دادوەری گونجاوە بۆ ئافرەتان؟

بەڕێزان!

خوای كاربەجێ كە هەرخۆی دروستكار و بوونەوەر و گەردوون و هەموو دروستكراوانە، هەرشتێك كە لەگەڵ سروشت و خواڕسكی ئافرەت بگونجێ ڕێگەی پێداوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر نەگونجێ قەدەغەی كردووە، یەكێ لەو ڕەخنانەی كە ڕەخنەگران لە ئیسلام دەیگرن لەسۆنگەی مەسەلەی ئافرەتەوە ئەوەیە دەڵێن: بۆچی ئیسلام ڕێگە نادات ئافرەت ببێ بە دادوەر، ئێمە لەم بەشەدا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە گفتوگۆیەكی ژیرانەی لەبارەوە دەكەین.

بەڕیزان! كاری دادوەری كارێكی زۆر هەستیا رو گرنگە، كەسێكی دەوێ هەڵسێ بە ئەنجامدانی كە لەهیچ كاتێكدا سۆز و عاتیفە بەسەریدا زاڵ نەبێ، دادوەریش كێشە و ئاریشەی وای هەیە هەندێ جار هەندێ كێشەی دێنە پێش حوكم و بڕیاردان لەسەری زۆر قوڕس و زەحمەتە.

بۆ نموونە من ئافرەتم ئەگەر دادوەر بم، ئافرەتێك بكوژ بێ كەسێكی كوشتبێ، بەپێی هەموو بەڵگەكان كوشتنەكەی لەسەر ساغ بوویەوە، سەیر دەكەی لەولایە منداڵەكانی دەگرین، لەولایە دایك و باوكی دەگرین، لەولایە خوشك و براكانی دەگرین كە حوكمی لەسێدارە دانی بۆ دەرنەكرێ، ئایا لەخۆم ڕادەبینم گریان و فرمێسك و پاڕانەوەی ئەم هەموو كەسە كاریگەری لەسەرم دروست نەكات؟

لەلایەكی دیكەوە زۆر جار وایە ئەو كەسەی كە دادوەرە توشی هەڕەشەی زۆر دەبێتەوە لەلایەن هەندێ گروپی چەكدار و مافیاوە، ئەم حاڵەتانە یەكجار زۆرن، دەیەها دادوەر بەدەستی گروپی خراپ یان تاكی خراپ هەڕەشەی كوشتن ، هەڕەشەی ڕفاندنی منداڵەكانی، هەڕەشەی ڕفاندنی خێزانەكەی، هەڕەشە لە خزمو كەسەكانی، دەیان هەڕەشەی تری لێكراوە، پرسیارەكە لێرە ئەوەیە ، ئایا ئافرەت دەتوانێ بەرگەی ئەو هەموو هەڕەشەیە بگرێ، ئایا لەژێر ئەو هەموو فشارە دەتوانێ بڕیارێكی تەندروست بدات؟! دیارە قوڕسی كارەكە هەموو كات لەگەڵ سۆز و بەزەیی و سروشتی ئافرەتدا نایەتەوە، لەو لاوە كاری دادوەری بەشێوەیەكە كە تۆ هەر دۆسیەیەكت هاتە دەست دەبێ ئامادەیی ئەوەت تێدا بێ بڕیارێكی یەكلاكەرەوە بدەیت.

ئینجا بەڕێزان لەبەر قوڕسی كارەكە جمهوری شەرعزانان (لە مالیكیەكان و شافعیەكان و حەنابیلەكان و زۆربەی ئەحنافەكان) دەڵێن: دروست نیە ئافرەت كاری دادوەری بكات، دەڵێن: {عدم جواز ولایة المرأة

قضاء مطلقا} واتە: بە ڕەهایی دروست نییە ئافرەت کاری دادوەری بگرێتــە دەســت، دیــارە ئــەوانیش درکیان بەمەترسی کارەکە و هەستیاری کارەکە کردووە، لەخۆوە ئەو فەتواو بڕیارەیان نەداوە.

هەندێکی کەم لە ئەحنافەکان پێیان وایە ئافرەت دەتوانێ دادوەر بێ بەمــەرجێ لەمەســەلەی دەرکردنــی حەددی شەرعی و مەسەلەی تۆڵە سەندنەوە (قصاص) نەبێ.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ: {**الْقُضَاةُ ثَلَاثَةٌ وَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ وَاثْنَانِ فِي النَّارِ فَأَمَّا الَّذِي فِي الْجَنَّةِ فَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ وَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَجَارَ فِي الْحُكْمِ فَهُوَ فِي النَّارِ وَرَجُلٌ قَضَى لِلنَّـاسِ عَلَـى جَهْلٍ فَهُوَ فِي النَّارِ**}[1].

دادوەران سێ چینن، یەکێکیان لەبەهەشتە و دوانیان لە ئاگر، ئەوەی کە لەبەهەشــتە پیاوێکــە هەقەکــە دەناسێ و دەزانێ، داوەری پێ دەکات، ئەو پیاوەش کە هەقەکە دەزانێ و حوکمێکی ستەمکارانە دەدات و لەهەقەکە لادەدا و بەناهەقی دادوەری دەکات ئەوە لەئاگرە، ئەو پیاوەش بــە نــەزانی حــوکم لــەنێوان خەڵکیدا دەکات ئەمیش لە ئاگرە.

بەڕاستی لە سۆنگەی ئەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بابەتەکە زۆر هەســتیارە، بۆیــە دوو بەشیان لە ئاگرن و یەك بەشیان لەبەهەشت.

جمهوری زانایان لەهەر چوار مەزهەبەکە کە بەدروستی نازانن ئافرەت دادوەر بێ ئەم بەڵگانە دەهێننەوە:

1)- ئەو ئایەتە دەکەنە بەڵگە کە خوای پەروەردگار دەفــەرمووێ: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ ٣٤﴾ النســاء، پیاوان بەهێزترن قەووامەیان هەیە بەسەر ئافرەتانەوە، لەهەندێ لەو شتانەدا کە خــوای پــەروەردگار فــەزڵی هەنــدێکیان داوە بەســەر هەندێکیان، وە لەمەسەلەی نەفەقە و مەسرەف کێشانی ماڵ و خێزان، وەك پێشتریش باسمــان کــرد ئــەم قەووامە بوونەی پیاوان بەرپرسیارێتییە، بارێکی قورسە.

2)- بەڵگەی دووەمیان ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دەفەرمووێ: {**لَنْ يُفْلِحَ قَـوْمٌ وَلَّـوْا أَمْرَهُمْ امْرَأَةً**}[2] واتە: ئەو گەل و میللەتە سەرکەوتوو نابن کە ئافرەت بــرا گــەورە و سەرپەرشــتیاریان

---

1) أخرجه أبو داود (299/3، رقم 3573)، والترمذى (3 /613، رقم 1322)، والنسائى فى الكبرى (461/3، رقم 5922)، وابن ماجه (776/2، رقم 2315)، والطبرانى (20/2، رقم 1154)، والحاكم (101/4، رقم 7012) وقال: صحيح الإسناد، والبيهقى (116/10 رقم 20141) وأخرجه أيضًا: الرويانى (94/1 رقم 66) والطبرانى فى الأوسط (39/7، رقم 6786).

بێ، هەرچەندە هەندێ لە زانایان ئەم فەرموودەیەیان بە ڕەهایی وەرنەگرتووە، گوتویانە: ئەمە بۆ ویلایەتی هەرەگەورە(کبری)یە، چونکە ئەم فەرموودەیە لەباسی قەومی فارسدا گوتراوە، کاتێ خوشکێکی کیسرا دەسەڵات دەگرێتە دەست پێغەمبەری خوا ﷺ وا دەفەرمووێ: فارسیش ئیمپراتۆریەت بووە.

بەڵکو هەندێ لە زانایان گوتوویانە: هەر تایبەت بووە بەوانەوە واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمایشتەکەی لەبارەی فارسەکانەوە فەرمووە و ناتوانرێ بگشتێنرێ، بەهەر حاڵ جمهوری زانایان ئەم فەرموودەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر ئەوە کە دروست نیە ئافرەت کاری دادوەری بکات.

3)- بەڵگەی سێیەمیان ئەو فەرموودەیە بوو کە هێنامان و پێغەمبەری خوا باسی سێ چین لە دادوەران دەکات دووانیان بۆ دۆزەخ و یەکیان بۆ بەهەشت.

4)- بەڵگەی چوارەمیان ئەوەیە لەسەردەمی زێڕینی خەلیفە ڕاشیدەکان بەهیچ شێوەیەك ئافرەت نەکراوەتە دادوەر، پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب خوای لێ ڕازی بێ ئافرەتی کردووە بە چاودێری بازاڕ بەڵام نەیکردووە بە دادوەر.

5)- بەڵگەی ڕای جمهور خۆی بەڵگەیەکە لەسەر نادروستیی مەسەلەکە.

6)- لە مەسەلەی دادوەریدا ئەوانەی دادوەریان لەنێوان دەکرێ جاری وایە کاتی زۆری دەوێ لەگەڵیان دابنیشی، هەروەها جاری واهەیە مەجلیسی ئەو لایەنە ناکۆکانە بەشێوەیەکە شایستەی ئەوە نییە ئافرەت تێیدا دابنیشێ قسە و دەودەوانێی زۆری تێدا ڕوودەدا، جاری واش هەیە وەك باسمان کرد مەسەلەی هەڕەشە و توندوتیژیشی لێ دەکەوێتەوە.

گروپی دووەم کە بەشێکن لە زانایانی حەنەفی مەزهەب پێیان وایە دروستە ئافرەت ببێتە دادوەر ئەگەر لەمەسەلەی (تۆڵە سەندنەوە —قصاص) یاخود (دەرکردنی حەددی شەرعی —حدود) نەبێ، ئەمانیش چەند بەڵگەیەکیان هەیە:

---

2) **أخرجه أحمد (5/51، رقم 20536)، والبخاري (6/2600، رقم 6686).**

مەسەلەی دادوەری وەکو مەسەلەی ویلایەت و شایەتی دانە، هەروەك چۆن دەتوانێ شاهێدی بدات بەهەمان شێوە دەتوانێ دادوەری بکات جگە لەو دوو مەسەلەیەی سەرەوە.
وەلآمی ئەو بەڵگەیەیان دراوەتەوە بەوەی شاهێدی جیایە لەدادوەری، شەهادە ویلایەتێکی تایبەتە، بەلآم دادوەری ویلایەتێکی گشتییە.

بۆچوونی سێیەم هەیە کە پێیان وایە بەڕەهایی دروستە ئافرەتان کاری دادوەری بکەن ئەوەش بۆچوونی (تەبەرِی، ئیبن حەزم، ئیبن قاسم لە مالیکیەکان):
ئەمان دەڵێن: بەهیچ شێوەیەك بەمەرج نەگیراوە ئەو کەسەی دادوەر بێ دەبێ نێر بێ، بە پێچەوانەوە دەکرێ (مێ)ش بێ، پێیان وایە ئەو حوکمەی کە ئافرەتان وەك دادوەر دەیدەن حوکمێکی ڕاستە، مەرج نییە نێر بێ، وە ئافرەتەکە بەهیچ شێوەیەك گوناهبار نابێ ویلایەتەکەی وەردەگیرێ، ئەو حوکمانەی کە دەری دەکات حوکمەکەی جێبەجێ دەکرێ، مەسەلەی دەرکردنی حەددی شەرعی و تۆڵەسەندنەوەش بێ ئاساییە، بەڵگەشیان ئەمەیە:
1)- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**كُلُّكُمْ رَاعٍ وَمَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ فَالْإِمَامُ رَاعٍ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ وَالرَّجُلُ فِي أَهْلِهِ رَاعٍ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ وَالْمَرْأَةُ فِي بَيْتِ زَوْجِهَا رَاعِيَةٌ وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا وَالْخَادِمُ فِي مَالِ سَيِّدِهِ رَاعٍ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ**}[٣].
واتە: هەمووتان بەرپرسیارن، وە پرسیاریشتان لێ دەکرێ سەبارەت بەو بەرپرسیارێتیەتان، حوکمڕان بەرپرسە، پرسیاریشی لێ دەکرێتەوە لەسەر بەرپرسیارێتیەکەی، پیاو بەرپرسە لەماڵ و خێزانی خۆی، پرسیاریشی لێ دەکرێتەوە لەبارەی ئەو بەرپرسیارێتیەی، ئافرەت بەرپرسە لە ماڵی هاوسەرەکەیدا پرسیاری لێ دەکرێتەوە لەسەر بەرپرسیارێتیەکەی، خزمەتکار لەماڵی خاوەنەکەیدا بەرپرسە، ئەمیش پرسیاری لێ دەکرێتەوە سەبارەت بەو بەرپرسیارێتیەی.
پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەکەدا باسی بەرپرسیارێتی ئافرەتیشی کردووە، لەماڵی هاوسەرەکەیدا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (**كُلُّكُمْ**) کەواتە: ئافرەتانیش بەشێکن لەم (كل)ە، ئینجا ئەم کۆمەڵە زانایە پێیان وایە ئەم فەرموودە بۆ ئەوەش دەشێ ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئافرەت بۆی هەیە دادوەر بێ.

---

**3) أخرجه أحمد (5/2، رقم 4495)، والبخاري (848/2، رقم 2278)، ومسلم (1459/3، رقم 1829).**

﴿2﴾- بەڵگەی دووەمیان ئەوەیە دەڵێن: مادەم ئافرەت دەتوانێ فەتوا بدات، بەهەمان شێوە لە قەزاشدا حوکم دەربکات، کاری قەزاوەت و دادوەری بکات.

3)- بەڵگەی سێیەمیا (قیاس) کردنە، دەڵێن: قیاس لەسەر ئەوەی کە پێشەوا عومەر خوا لێی ڕازی بێ ئافرەتێکی دانا بە چاودێر بەسەر بازاڕ، کەواتە: دەتوانێ کاری دادوەریش بکات.

4)- بەڵگەی چوارەمیان ئەو بنچینە فیقهیەیە کە زانایان لەسەری کۆکن و دەڵێ: {الأصل في الأشياء الإباحة}، واتە: بنچینە و بناغە لەهەر شتێکدا بریتییە لە حەڵاڵی و دەستکراوەیی، مەگەر دەقێکی ڕوون و ڕاشکاو هاتبێ و ئەو شتە قەدەغە بکات، ئەگینا بە پێچەوانەوە ئەگەر دەقی لەبارەوە نەهاتبێ بنچینە تێیدا دەستکراوەییە، ئافرەت توانای هەیە گوێ لە لایەنە ناکۆکەکان بگرێ، لە بەڵگەکانیان تێ بگات، پاشان حوکم و بڕیاریشی لەبارەوە بدات.

5)- ابن حەزم ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێ: دەکرێ ئافرەت قازی و دادوەر بێ بەبەڵگەی ئەوەی کە دەشتوانێ (وەصی) بێ هەروەها (وەکیل)یش بێ، کە دەتوانێ ئەم دووانە بێ کەواتە: دەشتوانێ قازی و دادوەر بێ.
هەندێ لە ئەحنافەکان گوتوویانە ئەگەر لە لادێیەك یان شارۆچکەیەك پیاوێکی لێهاتوو نەبوو ببێتە دادوەر، وە خەڵکیش پێویستیان بە دادوەرێك هەبوو، لەبەرامبەردا ئافرەتێکی لێهاتوو هەبوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە، لەم حاڵە دەتوانرێ ئەم ئافرەتە بکرێ بە قازی و دادوەر، بۆ ئەوەی کاری خەڵکەکە نەوەستێ و ڕابپەڕێنرێ.

دیارە مشتومڕی زۆر هەیە لەنێوان زانایاندا لەسەر ئەم مەسەلەیە، هەر گروپێك بەڵگەی خۆی هەیە، وە وەڵامیان هەیە بۆ بەڵگەکانی گروپی بەرامبەر، من پێم وایە کاری دادوەری کارێکی قورس و زەحمەتە، بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە، بەتایبەت لەهەردوو مەسەلەی (قصاص) تۆڵە سەندنەوە، وە مەسەلەی (حدود) دەرکردنی حەددی شەرعی، ڕەنگە ئەو کەسەی کە ئەم کارە دەکات لەهەندێ دۆسیەدا ژیانی خۆی و منداڵەکانی بکەوێتە مەترسی، وە توشی دەردە سەری و هەڕەشە و بەرەنگاری کوشتنیش ببێتەوە، لەکۆتاییدا دەڵێم: ئەگەر پەسەندی ئەو ڕایە بکەین کە ناشێ ئافرەت ببێ بە دادوەر هیچ شتێك

لە پێگە و ڕێزی ئافرەت کەم ناکاتەوە، بەڵکو سووك کردنی بەرپرسیارێتییەکە لەسەر شانی ئافرەت، هەڵگرتنی بارێکی قورسە لەسەر شانی ئافرەت نەك بێڕێزی کردن بێ پێی.